

WELCOME!

welcome!

WELCOME

# ڕێگاکانی وانەوتنەوەو تەکنەلۆژیای فێرکردن


## وانـەی دووەم

# پێکهاتەکانی پرۆسەی تەکنەلۆژیا



- ڕێکخراوەکی لاوەکیە لە ڕێکخراوەکانی فێرکردن پێك دیت لەکۆمەڵە دانەیەکی بەیەك بەستراو و ئاڵوگۆڕکراو تەواوکەری یەکترن کاردەکات لەیەك چوارچێوەدا ئامانجیان جێبەجێکردنیزانستەکی ڕێکخراوە بۆ کۆمەڵە بڕیارێك کە دەدرێت بۆ **ڕێنماییەکان** و **پرۆسەکان** کە لە ڕێگەیەوە **زانیارییەکان** و **کارامەییەکان** و **ئاراستەکان** گەشەدەکات لە لای تاك یان لەلای کۆمەڵە تاکێك جا بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست

لە ڕێگەی **کەسەکە خۆی** بێ یان **کەسێکی تر** بێ ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کە دیاریکراون بە **بەرزترین پلە لە چالاکی و توانست**.لەبەر رۆشنایی ئەو رونکردنەوانە تەکنەلۆژیای فێرکردن کە سیستەم هەروەکو سیستەمەکانی تر بینا دەکرێت بۆ ئامانجەکان یان کردارێکی دیاری کراو بەچەند پرۆسەیەك و پەیوەندیەك دادەروات کە پێك دێت لە کۆمەڵە دانەیەکی ڕێکخراو لەگەڵ یەکتربۆ جێ بەجێکردنی ئامانجێکی دیاری کراوئەو دانانەش:


لایەنی
مرۆیی
لایەنی تیۆری
پرۆگرامەکان

- **لەلایەنی مرۆیی:** ڕۆڵی مرۆڤە کە یەکێکە لە دانە سەرەکیەکانی ئیشکردن ئەگەر مرۆڤ ڕۆڵی نەبێ ئەوا ئامێرو پرۆگرامەکان و لایەنە تیۆریەکە هیچ گرینگیەکی نابێت لە پرۆسەی فێرکردن ئەو زانیاریەی لە داهاتوودا وەری دەگرین لایەنە مرۆییەکە کە پلان دادەنێت و جێ بەجێی دەکات و هەڵدەستێ بە پرۆسەی فێرکردن کە یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکیەکانی فێرکردن لێرە گرینگی بە

- ئامادەکردنی مامۆستا دەدرێت ئامادەکردنەکەش ئامادەکردنەکی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و پەروەردەییە.

- بەڵام مەبەستمان لە لایەنە تیۆریەکە ئەوا بابەتەکانی فێرکردنەلێکۆڵینەوە لەو بابەتانە وە ئەو شێوازو ڕێنمایەکانی ئیشکردنە کەمرۆڤ دەیگرێتە بەریان کارپێکردنی ئامێرو کەل و پەلەکانە ,کەواتە کارگێری کار لە ناو ئەو سیستەمە هیچ کەم و کوریەکی نیە لە توانای کەسی یان کاری تەنها پێدانی فەرمانە وە نوسینی بڵاوکراوەکانە لەمەش گرینگتر کاری بەرێوەبردن تەنها لێکۆڵینەوە لە هەموو فاکتەرەکانە کە دەچێتە ناو ئەو سیستەمەوە

داهێنانی **شێوازێکی ڕێکخراوە** کە کاردەکاتە سەر **ڕۆیشتنی** کارەکەو **ڕێکخستنی** ئەمەش دەبێتە هۆی دابین کردنی باشترین کات بۆ کارکردن ,لێرەدا زۆرترین ووزەو توانا بەکاردەهێنرێ بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکان بە پلەیەکی بەرز لە چالاکیو لێهاتوویی.

# پرۆگرامەکان



رۆڵێکی گرینگیان هەیە لە ماددە فێرکاریەکان و پرۆگرامەکان و بەکارهێنانی بەرهەمەکانیان لەپەروەردەیی قوتابخانەییدا.

بۆ نموونە: کاتی بەرهەم هێنانی یەکێك لەماددە فێرکاریەکان ئەویش شفافیات بەکارهێنانی لە هەڵوێستی فێرکردن و فێرکاریدا پێویستی بە دوو پرۆگرامە



**یەکەم : کۆمەڵێك هەنگاوی پێویستە گرینگترینیان :**

- **قۆناغی ئامادەکردن**
- **ئامادەبوون**
- **قۆناغی پلان دانان**
- **دیزاین کردن**
- **قۆناغی جێبەجێکردن**
- **کۆتا قۆناغ قۆناغی هەڵسەنگاندن**

# ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە



ئامانجی بڕیاردانە لەسەر

- بەکارهێنانی
- گۆرانکاری
- رەتکردنەوەی ئەو شفافە

ئەو بڕیارە دەدرێ لەسەر ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە

**دووەم: ئەم هەلسەنگاندنەش پێویستی بە پرۆگرامێکی دیکە هەیە ئەویش پرۆگرامی ڕێکخستنی فێرکردنە لە ماوەی بەکارهێنانی ئەو شفافە وە دانان و بەکارهێنانی لە هەڵوێستی فێرکاری و فێرکردندا.**



# الشفافيات التعليمية



**مادده فێرکاریەکان :**

**بەرهەمی کارلێك کردنی ماددەی فێرکاری و ماددەی خاوه (الخام),تاك فێردەبێت بە بوون و نەبوونی ئامێرو کەل و پەلە فێرکاریەکان.**

# نموونەی ماددە فێرکاریەکان



## فیلمەکان



## شەفافیات



, شريته ڤيديۆييه‌كان كه‌ پيشان ده‌درێت له‌ ڕێگه‌ی ئامێره‌كان







# نموونەی ماددە فێرکاریەکان



یان پیشان دەدرێت بە بێ ئەو ئامێرانە وەك

- نموونەکان




- تابلۆ فێرکاریەکان



# نموونەی مادده فێرکاریەکان



وێنە فێرکاریەکان




نەخشەکان



بەڵام ئامێرو ئامرازەكانی فێركاری بەكاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی هەندێك لە مادده فێركاریەكان

بۆ نموونە:

ئامێری پیشاندانی شەفافەكان

ئامێری پیشاندانی فیلمە جولاوەكان

ئامێری پیشاندانی فیلمە جێگیرەكان

ئامێری پیشاندانی پارچە شەفافەكان

تسجیل,رادیۆ, ڤیدیۆ , كۆمپیوتەر

لێرە بۆ قوتابیان روون دەبێتەوە کەوا ئامێرە فێرکاریەکان هەمان مانای ئامرازوو کەل وپەلە فێرکاریەکان ناگەینێ چونکە ئامرازوکەل و پەلە فێرکاریەکان ئەو شتانەن کە دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت و دەستی لێبدرێت,کە یارمەتیدەرە لە پرۆسەی فێرکردندا پیشان نادرێ لە رێگەی ئامێری فێرکاریدا

بۆ نموونە ئامرازەفێرکاریەکان:

تەباشیر, قەڵەم , پرگال , راستە, رەشکەرەوە , پێنووسی لێزەر, دەبووس , کتێب ئەمانەو پرۆگرامەکان و ئامرازوو کەل و پەلە فێرکاریەکان هۆکاری تەکنەلۆژیای فێرکردنن.

بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن بەڵام هەموویان بەردەست بن

**بۆ نموونە کاتێك قوتابخانەکانمان پڕکرد لەو ئامێرو کەل وپەلە فێرکاریانە بەڵام ئامێرو پرۆگرامە فێرکاریەکانمان دانەنا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان وە رێگا بە مامۆستا نەدرا راهێنان لەسەر ئەو ئامێرانە بکات بە کاریان بهێنێ بە شێوەیەکی کاریگەر وپێناسەی بکات و باسی گرینگی و ڕۆڵەکەی بکات ئەوا سوودی ئەو ئامێرانە چیە؟**

# پەروەردە:



بریتییە لە پرۆسەیەکی سیستەماتیکی گشتگیر و مەبەستدار ئامانجی راهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی تاکە لە رووی (جەستەیی ,ئەقڵی ,دەروونی ,مەعریفی, رەفتاری, سۆزداری, کۆمەڵایەتی)بە پێی ئامانج و پلانی دیاریکراو ,بۆ ئەوەی تاك لە کۆتاییداسوودی بۆخۆی و کۆمەڵگەکەی هەبێت.

# تەکنەلۆژیای پەروەردە



پرۆسەیەکی ئاوێتەیە کە تاکەکان و بیرۆکەکانیان و شێوازەکانیان و ئامرازەکان و کەلو پەلە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە بە ئامانجی شیکردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕووبەری لایەنەکانی فێربوونی مرۆڤ دەبێتەوە.

یان ڕێگەیەکی ڕێکخراوە بۆ پلان دانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێرکردن بەلەبەر چاوگرتنی سەرچاوەکانی هونەریی و مرۆیی و کارلێك کردن لە نێوانیان بۆ گەیشتن بە باشترین دەستکەوت بە شێوەیەکی کاریگەر لەپەروەردەدا.

# پەروەردەی تەکنەلۆژی



ئەو پرۆسەیەیە لە ڕێگەیەوە تاك کۆمەڵێك شارەزایی زانست و تەکنەلۆژیای پێویست وەردەگرێ بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی ڕۆشنبیر لە بواری تەکنەلۆژیادا.

# تەكنەلۆژیا لەپەروەردە دا



دانانی تەكنەلۆژیای نویَ و جۆراوجۆر لە بوارەكانی پەروەردەدا لە ناو قوتابخانەدا یان لە دەرەوەی قوتابخانەدا, ئەمەش ئامانجیان بەكارهێنانی تەكنەلۆژیایە لە هەلۆیستی فێركاری و فێربوون دا.بەڵكو تەكنەلۆژیا بەكاردەهێنرێت لە بواری كارگێریدا,كارەكانی كارگێری,كارەكانی دارایی , كارەكانی قوتابیان لە تۆمارەكان و خشتەو راپۆرت و ئەزمونەكان.

# تەکنەلۆژیا لە فێرکردندا



ئەم دەستەواژەیە ئاماژە دەکات بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا لە فێرکردندا وەکو کۆمپیوتەر , کەل وپەلەفێرکاریەکان , وێنەکان , فیلمەکان , ...... هتد ئامانجمان زۆرکردنی چالاکیە لە پرۆسەی فێرکردندا.

## هۆکاری گرینگی دان بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن:

- زۆربوونی تێکرای گەشەی معریفی و تەکنەلۆژی.
- زۆربوونی تێکرای گەشەی دانیشتوان.
- زیادبوونی جۆراوجۆری سەرچاوەکانی معریفە
- پێویستی بەردەوامی کۆمەڵگا بە جۆرە نوێیەکانی پسپۆری تاك.

- فراوان بوون و زۆری ئاواتەکانی تاك .
- کەمی ستافی پەروەردەی گونجاو.
- گۆرانی ڕۆڵی مامۆستا لە ملقن (تێگەیشتن) بۆ ئاسانکردن لە پرۆسەی فێرکردن.
- دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە ستراتیژیەتەکان و شێوازەکانی وانەووتنەوە.
- دەرکەوتنی داهێنانی تازە لە ئامێرو مادده فێرکاریەکان کە تایبەتن بۆ بەکارهێنانیان لە هەلۆیستی فێرکاریدا


٦
عمل الطالبة


٩


الأشكال الهندسية
عمل الطالبة
زينب غزوان
العبادي
مثلث
دائرة
مستطيل
مربع


3
3


العد التصاعدي
عمل الطالبه
زينب غزوان


العد التنازلي
إشراف مس


أنا مستطيل




نشاط
المجسمات
بالخطوات
مكعب


أضلاع
سداسى
مستطيل
مربع
معين


المربع
المعين


tota
مربع
مثلث
مكعب
مخروط
المجسمات
أسطوانة
مستطيل
دائرة
كرة
متوازي مستطيلات
RJEEM.COM


أنواع الزوايا
قائمه
حاده
منفرجه
١٨٠ مستقيمة


الزوايا
وزارة التربية والتعليم


مجسمات هندسيّة
عمل الطالب/
شكل المجسم
إسم المجسم
عدد الرؤوس
عدد الأحرف
عدد الأوجه
شكل الوجه
المخروط
١
صفر
١
دائري
الأسطوانة
صفر
صفر
٢
دائري
متوازي المستطيلات
٨
١٢
٦
مستطيل
المكعب
٨
١٢
٦
مربع
كنعان للمجسمات والوسائل التعليمية
0786803710


21
إذا قطع قاطع خطين متوازيين في مستوى
الصف: السابع




Thank You!


THANK
YOU


مع السلامة


Thank You